## (( لەساڵی 1960 وە سەروەت و سامانی دنیا نزیکەی 8 جار زیادیکردووە، بەڵام نیوەی خەڵکی ئەم سەرزەمینە ژیانی ڕۆژانەیان کەمترە لە 2 دۆلار))

**و. زاهیر باهیر**

**345 بلوێن دۆلار : ئەو مەبلەغەیە کە وڵاتە هەژارەکان لە ساڵی 1982وە داویانە بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیان .**

**54 وڵات لە حاڵی حازردا هەژارترن لەوەی کە بوون لە ساڵی 1990دا، 20 لەمانە لەوڵاتانی Sub_ Saharan Africa دان و 17شیان لە ئەوروپای ڕۆژ هەڵات و The Commonwealth of Independent Stats.**

**100 ملوێن دۆلار : ئەو ژمارەیە کە هەموو ڕۆژێ بۆ دەفعی قەرزەکانیان وڵاتانی هەژاران ئەیدەنەوە. وڵاتانێکی وەک ئەندەنوسیا ئەو قەرزەی ئەیداتەوە 10 جار زیاترە لەوەی کە سەرفی ئەکات لە خزمەت گوزاری تەندروستیدا و 33 جاریش زیاترە لەوە کە لە خانوبەرەدا خەرجی ئەکات.**

**چارەکێکی دانیشتوانی ئەم سەرزەمینە ژیانی ڕۆژی کەمتر بە دۆلارێ ئەبەنەسەر نیوەکەی تریشی لە 2 دۆلار کەمتر.**

**لەم جیهانەدا هەموو ساڵێ 15 ملوێن مناڵ ئەمرێ، کە نەخۆشیەکانیان چارەسەر ئەکرێ وە زۆربەشیان لە وڵاتانی نامیدایە، نیوەی ئەمەش بە تەنیا لە ئەفەریقایە. لە 20 وڵاتدا کە بەزۆری مناڵانیان ئەمرێ ، 19یان لە ئەفەریقادایە و یەکەکەی تریشیان ئەفغانستانە.**
**بڕی لەناوچوونی مناڵان لە هەندێک وڵاتدا لە زیادبووندایە، لەکاتێکدا کە ڕێڕەوی جیهانی وای نیشان ئەدات کە مردنی مناڵان ژمارەکەیان لە دابەزین دایە، کەچی لە 16 وڵاتدا کە 14یان لە ئەفەریقادایە، بڕی مردنی مناڵانیان لە ئێستادا زیاترە لە سەردەمی ساڵی 1990. لە 9 وڵاتدا کە 8یان لە ئەفەریقادایە، معەدەلی تیاچوونی مناڵانیان بەرزترە وەک لەوەی کە 20 ساڵی لەمەوبەر تۆمار کراوە.**

**300 بلوێن دۆلار ئەو پارەیە کە 5 لە وڵاتانێ کە لە مانگی دوازدەدا بەر لافاو و بومەلەرزەکەوتن لەبری قەرزەکانیان ئەیدەنەوە، بڕی ساڵانەش کە ئەم وڵاتانە دەیدەنەوە 32 بلوێن دۆلارە، کە ئەمە چەند جارێ زیاترە لەو یارمەتیەی، کە بەڵێنیان پێدراوە.**

**ساڵی پار ADS 3 ملیۆن خەڵکی لە سەرزەمینە کوشتووە کە 2 ملوێنیان دانیشتوانی Sub - Saharan Africa بووە. هەر لەم وڵاتانەدا 12 ملوێن مناڵ بەهۆی ئەم نەخۆشیەوەو باوک و دایکیان لەدەستداوە. ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2010دا وا پێش بینی ئەکرێ سەرکەوێت بۆ 20 ملوێن. بڕی تەمەنی ژیان لە 34 وڵاتدا لەنێوانی 1990 – 2002دا دابەزیوە بە هۆی HIV / ADS وە.**

**گۆڤاری Forbes لە مارتی پاردا تۆماری 587 کەس و خانەوادەی کردووە کە سەروەت و سامانیانی بە زیاتر لە 1 بلوێن دۆلار خەمڵاندووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2003دا 476 بووە. داهاتی ئەمساڵی خەڵکە بلوێنێرەکە گەیشتە ئاستێکی سەرسورهێنەر کە 1.9 تریلون دۆلار کە لە زەمەنی ساڵێکدا بە بڕی 500 ملوێن دۆلار سەرکەون.**

له 21 وڵاتدا دانیشتوانیان ئەورۆ برسی ترن له ساڵی 1990 ، له 14 وڵاتدا مناڵانیان پێش ئەوەی ببنه 5 ساڵ زۆربەیان ئەمرن. ناونوس کردنی مناڵان بۆ خوێندن له قوتابخانه له 12 Nations دا دابەزیوه.
لەو 42 وڵاتانەی که غەرق بوون له قەرزدا بڕی ساڵانەی گەشەکردنی ئابوریان تەنیا بەڕێژەی 0.5% بوو لەنێوان ساڵانی 1990-2001دا.
سەروەت و سامانی چەند نەفەرێکی وڵاته هەرەدەوڵەمەندەکان زۆرتره لەداهات و بەرهەمی قەومی 170 وڵاتی هەژار که ئەمه لەسەدا 4ی بەرهەمو داهاتی ساڵانەی هەموو جیهانه.
له کۆتایی ساڵی 2003دا ڕاپۆرتی UN وای تۆمارکرد که یەک بلوێن له دانیشتوانی شارەکان که له گەڕەکه هەره هەژارەکاندا ئەژین که ئەمەش یەک لەسەر شەشی ژمارەی دانیشتوانی جیهانه. له 30 ساڵی تردا ئەم ژمارەیه وا پێشبینی ئەکرێ که بگاته 2 بلوێن سێ‌یەکی ژمارەی دانیشتوانی ئێستای دنیا. له ئاسیادا بەلانیکەمەوه 550 ملوێن کەس له خانووه داتەپیوەکانی گەڕەکه هەژارەکاندا ئەژین، 187 ملوێن له ئەفەریقا و 128 ملوێن له ئەمەریکای لاتینی و کاریبان و 54 ملوێن له وڵاته دەوڵەمەندەکانی جیهاندا.

سەرچاوه: Socialist worker Nr. 1938, 12.02.2005